www.kurdistannet.org
27-11-2005 21:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ساتێک بۆ سۆز ... ئومێد لەتیف



لەو دیوو پەنجەرەی قەدەرەوە،
هاتیتە ژوورەوە
کچە نازدارەکە...
کچە نازدارە گەنم ڕەنگەکە
بیرت ئەکەم...
بیرت ئەکەم بەقەد باڵای جیهان
زیاتر لەخەونە ئەرخەوانی یەکان
بۆت بە تامەزرۆم
ئەوەی لەسەردەمی بەجیهانی بوونا
ئەژی،
ئەوەی لەساتە دابڕاوەکانا
سۆز بەخشە...
گۆرانی بەختەوەری ئەچڕێ
تۆ خۆت لە دنیایەکی پڕ،
لە ئەوینا مات دابوو
منیش...
بەخەندە پڕ لە میهرەکانمەوە
باوەشم بۆ ئەو مەلە بێ لانانە ئەکردەوە
کە دەمێک بوو لەناو تاریکدا
خۆیان وێڵ کردبوو...

Omed_arif@hotmail. com